https://www.doi.org/10.31918/twejer.2251.16

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# کاریگەریی بەڕێوەبردنی کات لە سەر کارایی پیشەیی

م. ڕزگار سەعید حوسێن rizgar.hussein@soran.edu.iq

م. سیروان لەتیف حاجی serwanl@yahoo.com

م. صابیر صادق عبدالخالق sabir.abdulkhaliq@soran.edu.iq

م. ی. فاتیما محمد عزۆ fatema.azzo@gmail.com

م. ی. زرار محسن محمد zrar.mohammed@epu.edu.iq

**پوختە**

دیارترین گۆڕانکارییەکان کە لەسەر دامەزراوەکان پێویست دەکات، کۆنترۆڵکردنی کاتە. ئێستا وای لێهاتووە هەمووان کۆکن لەوەی کە دەڵێن: (کات واتە سەرمایە)، چونکە لەدەستدانی کات واتە لەدەستدانی سامانێکی گرینگی دامەزراوە، بۆیە پێویستە بە تەواوی و بە شێوەیەکی ژیرانە لە ئێستا و لە داهاتووشدا سوود لە کات وەربگرین، بیرۆکەداڕێژیی بۆ بکرێ تا بە شێوەیەکی کاریگەرتر سوودی لێ وەربگیرێت. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئەنجامەکانی تێڕوانینە لە بەڕێوەبردنی کات و کارایی فەرمانبەران، هەروەها هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ئەو تێڕوانینانەی کە دەڵێن بەڕێوەبردنی کات کارێکی قورسە بە شێوەیەکی کرداری، لە لایەکی ترەوە زانینی ئاستی گرنگی کات بۆ زیاتر بەرەوپێشچوونی کارایی پیشەیی. مێتۆدی چەندایەتی بەکارهێنراوە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە توێژینەوەکە کە بریتییە لە فۆڕمێکی ڕاپرسی یاخود پرسیارنامە کە ئاراستەی بەشێک لە فەرمانبەرانی زانکۆ تایبەتەکانی شاری هەولێر کراوە. ئەنجامی توێژینەوەکە دەردەخات کە هەر چوار ڕەهەندی بەڕێوەبردنی کار پەیوەندیی ئاماری و کاریگەرییان لە سەر کارایی پیشەییەوە هەیە.



**وشە کلیلییەکان**: بەڕێوەبردنی کات، کارایی پیشەیی، کای سکوێر تێست، هەولێر.

## کاریگەریی بەڕێوەبردنی کات لە سەر کارایی پیشەیی

**پێشەکی:**

بەڕێوەبردنی کات بۆ مرۆڤ و دامەزراوەکان زۆر گرنگە و سەرمایەیەکی گرانبەهایە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی داواکراو و جێبەجێکردنی ئەرکەکان لە پیشەی ڕۆژانەدا (Evans & Davis, 2005). خێرایی گۆڕانکارییەکان لە جیهانی کار و کارگێری و چڕبوونەوەی نەوەی ڕکابەری لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆر لە هەرەشە و هەلی ڕەخساندووە، و هەندی جار پاڵپشتی لە پێگەی دامەزراوەکان کردووە. دیارترین گۆڕانکارییەکان کە لەسەر دامەزراوەکان پێویست دەکات کۆنترۆڵکردنی کاتە، ئێستا وای لێهاتووە هەمووان کۆکن لەوەی کە دەڵێن: (کات واتە سەرمایە)، چونکە لەدەستدانی کات واتە لەدەستدانی سامانێکی گرینگی دامەزراوە، بۆیە پێویستە بە تەواوی و بە شێوەیەکی ژیرانە سوود لە کات وەربگیرین لە ئێستا و لە داهاتووشدا، بیرۆکەدارێژیی بۆ بکرێ تا بە شێوەیەکی کاریگەرتر سوودی لێ وەربگیرێت. بەڕێوەبردنی کات یەکێکە لە قورسترین شێوازەکانی بەڕێوەبردن، پێویستی بە پلان، بەڕێوەبردن، ئاڕاستەکردن، چاودێری هەیە بە ئاستێکی زۆر بەرز و هەروەها پێویستی بە شارەزایی و لێهاتوویی و توانایەکی زۆرە (شحادة، ٢٠٠٦: ١٢).

بەڕێوەبردنی کات بۆتە پێوەرێک کە بە بایەخەوە سەیر دەکرێ بۆ دیاریکردنی ڕادەی سەرکەوتنی بەڕێوەبەر و کاریگەریی بەڕێوەبەر لەسەر سیستەمەکە، بێ شک پێداگیری و هاندان لەسەر بەڕێوەبردنی کات ڕێگایەکە بۆ پێشکەوتنی هەر سیستەم و ڕێکخراو و کۆمەڵگایەک و درک بەمە کراوە کە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان زیاتر سوورن یاخود پێداگیرن لەسەر بەڕێوەبردنی کات و زیاتر سوودیی لێدەبینن کە بەهۆیەوە زیاتر

ئامانجە تایبەتی و گشتییەکانیان دەپێکن. هەروەها درک بەمەش کراوە کە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان کەمتر سوورن لەسەر بەڕێوەبردنی کات و زۆر گرنگی پێنادەن. و لەو کۆمەڵگایەنە چەندین دیاردە هەن بۆ لەدەستدانی کات، بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوە لەسەر لەدەستدانی کات بکرێت و سوود لە نموونە و شێوازی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان ببینرێت و هەوڵ و کار بکرێ بۆ بەرز نرخاندنی کات (شحادة، ۲۰۰٦: ۱۲).

## پڕۆگرامی توێژینەوە:

## گرفتی توێژینەوە:

پەیوەندی لە نێوان بەڕێوەبردنی کات و کار یاخود پیشەی فەرمانبەران بە یەکێک لە بابەتە گرنگەکان هەژماردەکرێت لە بەر ئەوە کات لە ئێستادا بە یەکێک لە پێکهاتە گرنگەکان هەژمار دەکرێت لە پێوانەکردنی بەرهەمهێنان و سوود و کرێ و جێبەجێکردنی کارەکان و زیادکردنی بەرهەم و بوونی کەم و کورتی لە سیستەم و شێوازەکانی بەڕێوبردنی کات کە لە ناو ڕێکخراوەکاندا جێبەجێدەکرێن، و کاریگەریی نەرێنی لە سەر بەدەستهێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراو دەبێت، هەروەها کار دەکاتە سەر کارایی فەرمانبەران، بوونی سیستەمێکی بەڕێوبردنی کات وا دەکات کارایی پیشەیی باشتر بێت و ئامانجی ڕێکخراو بە باشترین شێوە بێتە دی بۆیە دەتوانین گرفتی سەرەکیی توێژینەوە بەم پرسیارە بخەینەڕوو؛" ئایا بەڕێوەبردنی کات کاریگەریی لەسە کارایی فەرمانبەران هەیە؟ " و لەم پرسیارە چەند پرسیارێکی تری لاوەکی جیادەبنەوە کە:

١. ئایا پەیوەندیی ئاماری لە نێوان کارایی فەرمانبەران و گۆڕاوەکانی دیموگرافی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری و ئەزموونی کارکردن) هەیە؟

٢. ئایا پەیوەندیی ئاماری لە نێوان پلان دانانی کات و کارایی فەرمانبەران هەیە؟

٣. ئایا پەیوەندیی ئاماری لە نێوان ڕێکخستنی کات و کارایی فەرمانبەران هەیە؟

٤. ئایا پەیوەندیی ئاماری لە نێوان ئاراستەکردنی کات و کارایی فەرمانبەران هەیە؟

٥. ئایا پەیوەندیی ئاماری لە نێوان چاودێریی کات و کارایی فەرمانبەران هەیە؟

**گرنگیی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی بەڕێوەبردنی کات گرنگیی خۆی هەیە، بە تایبەت لە ڕێکخراوە سەردەمییەکان کە وای لێهاتووە بەڕێوەبردنی کات بە یەکێک لە پێوەرە سەرەکییەکان دابنرێت، کە بە بایەخەوە سەیر دەکرێ لەدیاریکردنی خاڵی سەرکەوتن و کاریگەری و کارایی فەرمانبەر لە سەر ئاستە جیاوازەکاندا لە بەڕێوەبردن، لە توێژینەوەکەماندا هەوڵدەدەین بۆ چارەسەرکردنی پاڵەپەستۆی کار و یارمەتیدانی بەڕێوەبەرایەتی لە بەڕێوەبردنی کات لەسەر هەموو ئاستێکی بەڕێوەبردن تاوەکو دامەزراوەکان کار و ئامانجەکانیان بپێکن.

توێژینەوە لەسەر ئەو بابەتە یارمەتیماندەدا بۆ شارەزابوون لە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کات لەلایەن فەرمانبەرانەوە و زیادکردنی کاراییان، و ئاشکراکردنی گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی لەدەستدانی کات و چۆنیەتیی زاڵبوون بەسەریدا. یەکێکی تر لە گرنگییەکانی ئەم توێژینەوەیە پێوانەکردنی پەیوەندیی نێوان بەڕێوەبردنی

کات و کارایی فەرمانبەران. هەروەها، زانینی پەیوەندی لە نێوان بەڕێوەبردنی کات و توانای زیادکردنی بەرهەمی فەرمانبەران و زانینی کاریگەریی کات لەسەر پێگیریکردنی فەرمانبەران لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان و کاتی ئامادەبوون و ڕۆیشتنیان.

**ئامانجەکانی توێژینەوە:**

١. زانینی ئەنجامەکانی تێڕوانین لە بەڕێوەبردنی کات و کارایی فەرمانبەران، و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ئەو تێڕوانینانەی کە دەڵێن بەڕێوەبردنی کات کارێکی قورسە بە شێوەیەکی کرداری.

٢. پێوانی کاریگەریی کات لە سەر کارایی پیشەیی و زانینی ئاستی گرنگیی کات بۆ زیاتر بەرەوپێشچوونی کارایی پیشەیی.

٣. دیاریکردنی پەیوەندی لە نێوان کات و کارایی پیشەیی لە نێو ڕێکخراوەکاندا و شارەزابوون لە دیارترین ئەو ڕێگایانەی ڕووبەڕووی بە فیرۆدانی کات دەبنەوە.

**یەکەم: بەڕێوەبردنی کات:**

## ١. ناساندن و پێناسەکانی بەڕێوەبردنی کات:

بەڕێوەبردنی کات بۆ کار یاخود لە دەرەوەی کارکردن، بە واتای ناساندنێکی تێروتەسەل دێت بۆ هەرکات و شوێنێک، چونکە بەڕێوەبردنی کات تەنها پەیوەست نییە بە کارکردن لە پیشەیەکی دیاریکراو، و تەنها بۆ شوێنێک کورت ناکرێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە تێگەیشتن لە بەڕێوەبردنی کات پەیوەستە بە بەڕێوەبردنی کارگێڕی لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لەسەر

تاک پابەند بەو بەڕێوەبردنە بێت چ لەکاتی کارکردن یاخود لە دەرەوەی کار و پیشەکەی بێت.

### ١. ١. ناساندنی بەڕێوەبردنی کات:

بەڕێوەبردنی کات چەندین مانا و شیکردنەوەی جیاواز لەخۆدەگرێت، ئەمەش بە پشتبەستن بە جۆر و سروشی چالاکی و سروشتی کەسەکان و ئامانجی ڕێکخراو و دامەزراوەکان. بەڕێوەبردنی کات بەوە دەناسرێتەوە کە هونەرە و زانستی بەکارهێنانی کاتە و سوودبینینە لە کات، ئەم بەڕێوەبردنەش لە ئەنجامی پلانی گونجاو و ڕێکخستن و ئاڕاستەکردن دێتەدی. هەروەها بە مانای؛ کرداری پلاندانان، ڕێکخستن، ئاڕاستەکردن و چاودێریکردنی کات دێت بۆ ئەوەی بتوانین بە کورتترین ماوە کارێکی دروست و زیاتر ئەنجام بدەین (الصیرفي، ٢٠٠٦: ٢٢). بەڕێوەبردنی کات ئەو کردارەیە کە کات دابەشدەکا بە شێوەیەکی گونجاو، کە هەر جۆرە کارێک بێت کە کارەکە پەیوەست بێت بە ماوەیەکی دیاریکراو (علوان، ٢٠٠٩: ٣٠).

### ١. ٢. پێناسەکانی بەڕێوەبردنی کات:

کردار و پلاندانان و بەڕێوەبردن و چاودێریی کاتە بۆ هەڵبژاردنی ئەو ماوە گونجاوەی کە پێویستە بۆ ئەنجامدانی کاری زۆر لە کاتێکی کورتدا (الصیرفي، ٢٠٠٦: ٢٢). مەبەست لە بەڕێوەبردنی کات پڕۆسەی بەکارهێنانیەتی بە شێوەیەکی کاریگەر بۆ بەدەستهێنانی باشترین بەرهەمداری لە کاردا ئەویش لە ڕێگای دانانی پەیڕەو و پڕۆگرامێکی تۆکمە بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی دامەزراوە Zafarullah & Pertti, 2017).

دراکر(drucker) بەم شێوەیە پێناسەی بەڕێوەبردنی کات دەکات؛ واتە ڕێکخستنی خودی و بەڕێوەبەری چالاک ئەوەیە کە تێروانین بۆ کاتەکەی بکات پێش ئەوەی ئەرک و کارێکی پێ بسپێردرێ... کات بە یەکێک لە گرنگترین سامانەکان دادەنرێ ئەگەر نەتوانی کات ڕێکبخەی ناتوانی کاری تریش بە تەواوی ڕێکبخەی (فرح، ٢٠٠٨: ١٦).

بەڕێوەبردنی کات هەمو ئەو هەوڵە بەیەکەوە گرێدراوانەیە کە بەڕێوەبەر لەگەڵ گشت کارمەندەکان بە هەماهەنگی ئەنجامی دەدات بەمەبەستی هاتنە دیی ئەو ئامانجانەی کە پلانی بۆ داڕێژراوە چونکە بەڕێوەبەرایەتی بەرپرسی یەکەمە لە وێناکردنی پلانەکان و جێبەجێکردنی پرۆگرامەکان (ترکی، ٢٠١٥ : ٧). هەروەها بەڕێوەبردنی کات یەکێک لەو ئاکارانەیە کە فەرمانبەر دەتوانێت ئامانج و فرمان و کارەکانی بەتەواوی ئەنجامداو وای لێدەکات ببێتە کەسێکی کاریگەر بۆ کارەکە (اللوزی، ١٩٩٩: ١٦٨). بەڕێوەبردنی کات زانست و هونەرە، بەکارهێنانی کات بە شێوەیەکی زیرەکانە پەیوەستە بە بەڕێوەبردن و پلاندانان و بەدواداچون و پەیوەندیکردن، لەم کاتەشدا ئەم بەڕێوەبردنە دەبێتە نموونەیی، ئەگەر هاتوو بەمجۆرە کاتەکانمان بەڕێوەنەبرد کەواتە هەست بە بەڕێوەبردن ناکەین (العلاق، ٢٠٠٩: ٢٤-٢٥).

لە ئەنجامی ئەم پێناسە و بۆچوونانە تێبینی ئەوە دەکەین کە هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن کە کاریگەربوونی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کات واتە ئەنجامدانی کاری باش و گونجاو بە شێوازێکی باش و گونجاو، تاوەکو بتوانین لە داهاتوو کاتەکانمان بە باشی ڕێکبخەین، وا پێویستە لە ئێستادا پلانی بۆ دابڕێژین و کرداری پلاندانان واتە نیمچە کۆنترۆڵکردنی هەموو شتێک بەو پێیەی بەڕێوەبردنی کات دەگمەنترین بەڕێوەبردنە، بۆیە ئەگەر نەتوانین کات بە شێوەیەکی زانایانە بەڕێوەبەرین واتە ناتوانین کاری تریش بە شێوەیەکی زیرەکانە بەڕێوەبەرین.

**٢. گرنگیی بەڕێوەبردنی کات:**

**گرنگی بەڕێوەبردنی کات لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەدیاردەکەوێت: (الخضیری ٢٠٠٠: ١٢)**

**١. دیاریکردنێکی باش و کاریگەرە:** بەریەککەوتن و ڕکابەری و چوونە ناو کاری خەڵکی تر قەدەغە دەکات و زۆرداری کوێرانە لە دابەشکردنی کار لە نێوان تاکەکان قەدەغەدەکات و دادپەروەری لە دابەشکردندا دەچەسپێنێ.

**٢. هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی بە شێوەیەکی فراوان:** ئاڕاستەی تاک بەرەو سەرکەوتنی گشتی پڕۆژەکە دیاریدەکات، و زیاتر هاندانی ئەوانی تر بۆ درککردنیان بە سەرکەوتنەکەیان.

**٣. بەکارهێنانی هەماهەنگیی پێشوەختە:** دەرکەوتنی گرنگی ڕێخستنی کار بەهۆی کرداری هەماهەنگیی پێشوەختە و شێوازی بەشداریکردن و چالاکی مرۆیی و زیاتر هەستکردن بەوانی تر کە لە پڕۆژەکاندا بەشدارن.

**٤. دارشتنی پلان بە شێوازێکی ڕێک:** ئەمەش پەیوەستە بە درککردن بە بوونی کات و نرخ و شوڕشکردن لەپێناو کات، بەهۆی دانانی پلانی گونجاو و ستراتیژیی درێژماوە، کە پەیوەستە بە سودبینین لە داهات و دانایی لەژێر ڕۆشنایی بینینی ئاسۆیەکی ڕوون.

**٥. پاراستنی ڕێخستنی نەرم (گۆڕاو):** ئەمەش بە لەخۆگرتنی هەموو گۆڕانکارییەک و پێشهات و ویست و پێشکەوتنێکی تاکە و بەرزبوونەوەی ئاستی پیشەکەیەتی.

**٦. هاندانی زیاتر:** گرنگیی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی خۆت یاخود بۆ دەرەوەی خود، و زیاتر پەیوەستە بە توانای کەسەکە بۆ جوڵاندن و ڕازیکردنی فەرمانبەر بۆ پێشکەشکردنی تواناکانی لەپێناو پێشکەوتنی پڕۆژەکە.

**٧. ئاڕاستەکردن بە شێوەیەکی ئەرێنی:** ڕێخستنی کات، زیاتر هانی پێشکەوتنی سیستەمی ئاڕاستەکردن بۆ خودی تاک لە چوارچێوەی ڕێخراوێکی گشتی دەدا، بە پشتبەستن بە زانیاری نەک دەسەڵات.

**٨. ڕەخساندنی هەل بە شێوەیەکی فراوان بۆ دەسپێشخەریی تاک:** داهێنانی کەسی، پەیوەندی بە بواری بەرهەمهێنان و بازاڕکردن و پێگەیاندنی فەرمانبەرە، بە تایبەت ئەو کەسانەی بە شێوەیەکی سەرەکی و گرنگ بۆ پێشکەوتنی زیاتر سەیری بەڕێوەبردنی کات دەکەن، و ڕێکخستنی کات بەڕێوەبردنێکی یەجگار زیرەکانەیە کە کاردەکات بۆ دروستکردنی کەشێکی کاریگەر و زیندوو (سویدان و اکرم، ٢٠٠٣: ٢٤).

**٣. گرنگیی کاراکردنی بەڕێوەبردنی کات و سوودەکانی:**

١. دانانی پەیڕەو و بەرنامە.

٢. زانیاری دەربارەی ئەوەی کە لە کوێیت و بە کوێ گەشتی و ڕادەی سەرکەوتنت چەندە.

٣. فێربوونی پلاندانان بە زیرەکی و هەوڵی زیاتر.

٤. کات بە سامانێکی باش دادەنرێت کە بەردەستە و تێچووی نییە.

٥. باش بەکارهێنانی بۆ کۆمەڵگا بە سوود دەبێت، بەڵام خراپ بەکارهێنانی لەسەر تاک ئەنجامەکەی خراپ دەبێ (الخضيري ، ٢٠٠٠ : ١٩)، **دەکرێت ئەم گرنگییانە لەم هێلکارییەی خوارەوە دیارییکەین:**

هێلکاری ژمارە (١)؛ گرنگیی بەڕێوەبردنی کات دەردەخات. (الخضيري ، ٢٠٠٠: ١٩ ).



## ١. ٤. كات و پەیوەستبوونی كات بە پیشەی بەڕێوەبەرایەتییەكان:

### ١. ٤. ١. پەیوەندیی كات بە پلاندانان:

پلاندانان ماوەی لەگەڵدایە لە هەموو كردەیەك و بەشەكانی بەڕێوەبردنی كردەیی و كردارە یەك لەدوای یەكەكان بەیەكەوە گرێدەدا كە چالاكی بەڕێوەبەرایەتی لەخۆدەگرێت، و كات بۆ سەرەتا و كۆتایی هەر قۆناغیك لە قۆناغەكانی بەڕێوەبردن و ئاڕاستەكردن دیاریدەكات، پێویستە لەسەر كەسە ڕێكخراوەییەكان كارەكانیان بەگوێرەی ئەم بەڕێوەبردنە بە ئەنجام بگەیەنن (ابۆ شیخە، ٢٠٠٩: ٣٨).

### ١. ٤. ٢. ئامادەكرنی پلانی بەڕێوەبەرایەتی:

لەسەر پلاندانەر پێویست دەكا بە ڕەچاوكردنی كات لەهەموو قۆناغەكانی ئەو پلانە و كاتەكان دابەش بكات بەسەر قۆناغەكان كە گونجاو بێت بە شێوەی دیاریكراو بۆ هەر قۆناغێك.

لێرەدا خاڵی سەرەتا دیاریدەكری بۆ جێبەجێكردنی ڕێكخستنی كات بە شێوەیەكی كاریگەر بە دانانی پلانێكی تەواو و خاوەن مەبەستێكی دیاریكراو بە جۆرێك كە ڕێكخستنی ئاڕاستەكان و ئەو ڕێگایەی پێوەی پابەندە بناسێت و ئەو ئامانجانە بزانێت كە بۆ ماوەی نزیك و دوور هەوڵی بەدەستهێنانیان دەدا (ابو شیخە، ٢٠٠٩: ٣٩).

### ١. ٤. ٣. پەیوەندی كات بە ڕێكخستن:

بەڕێوەبردنی كات بە شێوەیەكی باش بە ستراوە بە ڕێكخستنەوە، ئەو لێكۆڵینەوانەی كە لەلایەن زۆر لە زانایان و خاوەن ئەزموونانی بەڕێوەبردن كراون دەریانخستووە كە بەڕێوەبردنی كات ئەو ماوەیەی كە

پەیوەستە بۆ بەرهەمهێنان کەمتر دەکاتەوە، و بێگومان بەڕێوەبردنی باش ڕەنگدانەوەی باشی دەبێ و زۆر شتی چاک لەدوای خۆی بەرهەمدێنێت کە هەر یەکە و گرنگیی خۆی هەیە. وەک ئامانەی خوارەوە:

١. لەیەک تێگەیشتن و خۆشەویستی و ئاڵوگۆڕکردنی متمانە لە نێوان سەرکردەی کۆمەڵێک و خاوەن دەسەڵات.

٢. بوونی ئارەزوو بۆ یارمەتیدان و ڕێزگرتن لە کۆمەڵ.

٣. کۆدەنگی و هەماهەنگیی کۆمەڵەی کارگێڕی بۆ ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە.

٤. هاریکاریی تەواو لە نێوان کۆمەڵە و هەستکردن بە بەرپرسیاریتیی کۆمەلایەتی.

٥. بەڕێوەبردنی کار لەنێوان تاک و کۆمەڵ بە جۆرێک کەهەر تاکێک بەتەواوی دەزانێت ئەرکەکانی چین.

پرسی بەڕێوەبردنی کات بەستراوەتەوە بە ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی لە چەندین لایەنەوە لەوانە دیاریکردنی ئەرک و تایبەتمەندیی کارمەند و دابەشکردنی ئەرک و کار لە نێوان کارمەندان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، و نوێکاری و ئاسانکاری بۆ ڕاییکردنی ئەرکەکان و بە دوورخستنەوەی شتە لاوەکییە بێسوودەکان (ابۆ شیخە، ٢٠٠٩: ٤٠).

## ١. ٤. ٤. پەیوەندیی کات بە ئاڕاستەکردن:

ئاڕاستەکردن بەشێکی زۆر لە کاتی بەرێوەبەرایەتی پێکدەهێنێت، بە شێوەیەکی گشتی، لەسەر ئاڕاستەکراو پێویستە زانیاری تەواوی هەبێ بە

ساتەوەختی ئاڕاستەکردنەکان و بە بارودۆخی کارمەندان و ڕێکخراوەکە، ئەگەرنا ئاڕاستەکردنەکان لە دەرەوەی کات و شوێنی دیاریکراو دەبێت، و ئەمەش بە ڕێنماییکردنی کارمەندەکان دەبێ بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان، جا ڕێنماییەکە بە شێوەیەکی زارەکی یاخود بە شێوەی نووسراو یان بەهۆی تەکنەلۆژیاوە یان بەهۆی پەیوەندییەوە بێ، و پێویستە پێش ئەنجامدانی ئەو ڕێنماییانە پەیوەندی بکرێ، ئەمەش بە مەبەستی ئامادەکردنی زانیارییە پێویستەکان و ئامانجە تایبەتەکان، ئەگەر هاتوو پەیوەندیی پێوەکراوە لە شوێنێکی دوور بێت ئەوا لەو ماوەیەی تا دەگاتە لای سەرپەرشتیارەکە کاتی زیاتر لە سەرپەرشتارەکە بەفیرۆ دەچێ، بۆیە پێویستە سەرپەرشیار یاخود بەڕێوەبەر زیاتر هەوڵ و کۆششی چڕتر بکاتەوە بۆ زووتر ئەنجامدانی ئەو ئەرکە (الصغیر، ٢٠١٣: ٢٤).

**١. ٤. ٥. پەیوەندیی کات بە کرداری بڕیاردان:**

کرداری بڕیاردان پێویستی بە ماوەیەکی دیاریکراوە، و پەیوەستە بە جیاوازیی جۆری ئەو کێشانە و جیاوازیی ئەو بارودوخانەی ڕووبەڕووی بەڕێوەبەرایەتی دەبێتەوە. لەگەڵ بوونی سروشتی بڕیاردان لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتی کە کاریگەری دەبێ لەسەر ماوەی دیاریکراو بۆ بڕیاردان (ابوشیخە، ٢٠٠٩: ١٤).

**١. ٤. ٦. پەیوەندیی کات بە چاودێری:**

گرنگیی کات لە کاتی ئاشکراکردنی هەڵەکان یاخود نەهێشتنی ڕوودانی هەڵە لە کاتی گونجاو دەردەکەوێ ، و ماوەی چاودێری درێژ دەبێتەوە ئەگەر هاتوو شێوازی توند پەیڕەو بکرێ یاخود لەژێر هەڕەشە جێبەجێکرابێت و ئەگەر هاتوو لە دڵسۆزی خودەوە بوو ئەوا بوونی

متمانە و خۆشەویستی و سووربوون لە بەئەنجامگەیاندنی ئامانجەکان کارەکان ئاسانتر دەبن (ابوشیخە، ٢٠٠٩: ١٤).

## دووەم: کارایی کار

### ٢. ١. چەمکی کارایی:

کارایی چەمکێکی فراوانی بەکارهێنانە دەربارەی چەمکەکانی پەیوەست بە سەرکەوتن و کەوتن، هەروەها کارایی چەمکێکی جەوهەری و گرنگە بۆ دامەزراوەکانی کار، واتە ئەو ئاوێنەیە کە بە هەموو لایەنەکانیەوە بارودۆخی دامەزراوە و ڕێکخراو پیشاندەدات. تێگەیشتن لە کارایی و بەجێگەیاندن پێویستی بە تێگەیشتن لە کۆمەڵێک چەمکی دیکە هەیە، کە بە مێشکدادێن، چونکە کۆمەڵێک دەستەواژەی لەگەڵ بەکاردێن لەوانە بەرهەمهێنان و توانا، لێهاتوویی، چالاکی، ئەمانە هەموویان شانبەشانی توانای بەرهەمهێنان و توانای بەڕێوەبردن بە تایبەتی کە ئەم جۆرە دەستەواژە و دەربڕینانە دەربارەی توانای بەڕێوەبەری دامەزراوە بەکاردێن، هەر لەبەر ئەمەیە کە گرنگە بە تەواوی لەو چەمکە تێبگەین، تێگەیشتن لە هەموو ئەو چەمکانە تاڕادەیەک وەکو یەکە تەنها (توانا-کفائە) نەبێت کە دەربڕینێکە دەربارەی پێکهاتەیەکی سەرەکی لە پێکهاتەکانی گەشە و پێشکەوتنی کارمەندەکان و دامەزراوەکان لەگەڵ پیشاندانی ئارەزووی تاک لە بەڕێوەبردن و کاراییی کارەکەی (عبد المحسن و عبد الحمید، ٢٠٠٢: ٣٣٥).

### ٢. ٢. پێناسەی کارایی:

به پشتبەستن بە زانیارییەکانی سەرەوە دەتوانین پێناسەیەکی گشتی بۆ کارایی و بەڕێوەبەری دابڕێژین؛ بەم شێوەی خوارەوە:

"ئاستی کارایی هەر بەشداربوویێک بریتییە لە ئاستی شکانەوەی وێنەی تواناکانی بەشداربوویێک پەیوەست بە ئامانجی کارەکەی، یاخود سروشتی ئەو کارەی کە دەیکات". دەستەواژەی کارایی تەعبیر لەو ئاستە دەکات کە کارمەندی تاک لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەی لە ڕووی چەندی و جۆری کاری پێشکەشکراو لە لایەن کارمەندی ناوبراو، و ئەدا بریتییە لەو چالاکییەی هەر کارمەندێک دەیبەخشیت لە ناو دامەزراوەکە (النشوائي، ٢٠٠١: ٤٢٤).

هەروەها کارایی وا پێناسە دەکرێت کە بریتییە لە "سیستەمێکی ڕەسمی بۆ پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی کاریگەری لە تایبەتمەندییەکانی ئەدا و هەڵسوکەوتی تاک و ئەگەری زانین بەسەر دووبارەبوونەوەی هەمان ئەدا و هەڵسوکەوت لە داهاتوو بۆ سوودگەیاندن بە تاک و ڕێکخراو و کۆمەڵگا. هەروەها کارایی وا پێناسە دەکرێت کە بریتییە لە کۆمەڵێک ئەنجامی دیاریکراو بۆ هەڵسوکەوت، پاشان ئەدای پۆزەتیڤ ئەنجامی پەسندکراو و هەڵسوکەوتی دیاریکراو دەنوێنێت، و بە پێچەوانە ئەدای نێگەتیڤ ئەنجامی ناپەسەند و هەڵسوکەوتی دیارینەکراو دەنوێنیت (الهيتي، ٢٠٠٥: ٢٥٩).

کارایی ئەو کارانەیە کە تاک دەیکات یاخود ڕاهێنانی لەسەر دەکات کە بریتییە لە ئەنجامی توانای عەقلی و دەروونی و جوولەیی هەر تاکێک، و بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی ئاراستەکانی چەندی و جۆری پێوانەدەکرێت. کارایی واتە بەجێگەیاندنی شتێک یان ئەرکێک یاخود کارێکە لەلایەن بەشداربوویێک یان کۆمەڵەیەک. کاراییی توانای بەجێگەیاندنی چلاکییە لەلایەن هەر بەشداربوویێک و چۆنیەتیی بەجێگەیاندنەکەی لە کاتی بەڕێوەبردنی کار، بە بەکارهێنانی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و ڕێنماییە گۆڕاوەکانی بڕی و چۆنی (جلال الدين، ٢٠٠٩: ٧٢).

**کارایی پێویستی بەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە هەیە:**

**٢. ٢. ١. گشتگیری:** پێناسەیەکی گشتی و فراوانە بەکارهێنانی تەنها بۆ یەک پیشە نییە، گونجاوە بۆ بەکارهێنان بۆ هەموو پیشەکان و کارەکان بە هەر شێوەیەک بێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەر کارێک سروشتەکەی بە هەر شێوەیەک بێت ئامانجی دیاریکراوی خۆی هەیە.

**٢. ٢. ٢. کرداری و گونجاوی:** دەتوانرێت پێوانە بکرێت بە پێوانەکردنی توانای کارایی کردرای بۆ هەر ئامانجێک پاشان بەراوردکردنی بە پێوەرەکانی نەمەتی.

**٢. ٢. ٣. توانای بەکارهێنانی:** دەتوانرێت ئەو پێناسە بەکاربهێنرێت بۆ پێوانەکردنی توانای کارایی هەر تاکێک، جا ئەو کاراییە چ جیاوازبی لە یەکێک بۆ یەکێکی دیکە، یاخود بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەوڵدانی زیاتر لە یەک بەشداربوو بێت، ئەمەشیان لە ڕێگەی دیاریکردنی کارێکی دیاریکراو بۆ هەر تاکێک یاخود تیپێک تا ئەوەی هەمان ئەنجام بپێکن، پاشان پێوانەکردنی توانای تاک لەوەی بتوانێت ئامانجەکەی بپێکێت، کە ئەمەیان ناوەندی توانای کارایی تاک پیشان دەدات بۆ کارەکەی (الكبيسي، ٢٠١٠: ١٥).

**٢. ٣. پێکهاتەکانی کارایی:**

کارایی لە چەندین پێکهاتە پێکدێت گرنگترینیان ئەمانەن (العميلان، ٢٠١٣: ٣٠١):

**٢. ٣. ١. زانین بە پێویستییەکانی فەرمانبەری:** ئەمەش زانینە گشتییەکان لەخۆدەگریت، لەگەڵ لێهاتووییەکانی هونەری، و پاشکۆی گشتی دەربارەی پیشە و بوارە پەیوەندیدارەکان پێی.

**٢. ٣. ٢. جۆری کار:** ڕادەی هەستپێکردنی تاک دەنوێنیت لە بارەی ئەو کارەی پێی هەڵدەستی، و لەو ئارەزوو و لێهاتوویی و داهێنانەی کە تیایدا بوونی هەیە، لەگەڵ توانایی ڕێکخستن، و جێبەجێکردنی کارەکەی بۆ ئەوەی تووشی هەڵە بیت.

**٢. ٣. ٣. بڕی کاری ئەنجامدراو:** ئاماژەیەکە بۆ بڕی ئەو کارەی کە کارمەند دەتوانێ ئەنجامی بدات لە بارودۆخی ئاسایی کار، و بڕی خێرایی ئەم ئەنجامدانە.

## ٢. ٤. جۆرەکانی کارایی:

### ٢. ٤. ١. کارایی ئەرک:

مەبەست لێی ئەو هەڵسوکەوتانەیە کە یارمەتیدەرن لە ئەنجامدانی کرداری گەوهەری لە ناو ڕێکخراو وەکو بەرهەمی ڕاستەوخۆ بۆ کاڵا وخزمەتگوزاریەکان، و فرۆشتن، وئەژماردنی کۆگا، وهەر ئەدایەک بەشدار بیت لە جێبەجێکردنی کدارەکانی ڕێکخراو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، بۆ نموونە کارە کارگێرییەکان ڕەنگە ئەدا یان ئەم هەڵسوکەوتە پێویست بە دروست بوونی گۆڕانکاریە لای تاکەکان لە حاڵەتی ململانێ بەهۆی ناکۆکی بۆ کەشێکی کێبرکێ، هەروەها ڕەنگە ئەم هەڵسوکەوتە بریتی بێ لە چالاکی هاندەر بۆ ئەدای ئەرکەکان (السالم و صلاح، ٢٠٠٢: ٢٤٢).

### ٢. ٤. ٢. کارایی هاوڵکاری:

کارایی هاوڵکاری ئاماژەیەکە بۆ هەڵسوکەوتەکان کە بەشدارن لە گۆرین وچارەسەرکردنی کردارە گەوهەریەکان لە ناو ڕێکخراو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، ئەم هەڵسوکەوتانەش بەشدار دەبن لە پێکهێنانی هەر یەکە لە ڕۆشەنبیری، وکەشێکی ڕێکخستن، و کارایی لێرە ڕۆلێکی زیادکراو نیە بە سروشتی خۆی، بەڵکو لە دەرەوەی سنووری ئەرکی سەرەکییەکانی پیشەی دەبێت، وپشت دەبێستێت بەو کەشەی کە کرداری چارەسەر کردنی کردارەکانی تیایدا ئەنجام دەدرێت، بۆ نموونە ڕەنگە ئاراستە بکرێت بەرەو هاوکاران ویارمەتیدانیان لە چاەسەرکردنی کێشەیەک کە پەیوەندی هەبێت بە کار، یان ئاراستە کرابێت بەرەو ڕێکخراو بە گشتی لە میانەی پاراستنی، وبەردەوامی گەرم وگوڕی، وبەخشینی چالاکیەکی زیاتر لە کاردا، یان بەرەو کاری خۆبەخشی بچن بۆ جێبەجێکردنی ئەرک لە دەرەوەی ڕۆلی سەرەکی بۆ پیشەکە، هەروەها پەیڕەو کردنی نوسراوەکانی ڕێکخستن، وجێبەجێکاریەکان کاتێ هاوڕا نەبێت لەگەڵ ئارەزووی تاک (السالم و صلاح، ٢٠٠٢: ٢٤٣).

### ٢. ٤. ٣. هۆکارە کاریگەرییەکانی کارایی:

کاریگەرییەکانی کارایی تاک لە ئەرکی پیشەیی دابەش دەکرێت بۆ هۆکاری دیاریکراو کە تاک پێی تایبەتمەند دەبێت لە ئەنجامی خولی تایبەتی ناوهخۆیی وەک: خولی ڕاهێنانی پێشوو، یان خولی ناوخۆی لە ناو دامەزراوە، و توێژینەوەی خودی لە میانی چاوپێخشاندن و خوێندنەوەی هەموو نوێکارییەک کە سەبارەت بە پیشەیە، بەم شێوەیە ئاماژە بۆ دیاریکراوەکان ئەدا کراوە و دابەش کراوە بۆ سێ جۆر؛ بەم شێوەیەی خوارەوە (حنفي، ٢٠٠٣: ٤٥٦):

١. **زانینی خەملێندراو:** زانینی ڕاستییەکان، و بنەرەتیەکان، و ئامانجەکان، و زانینی خودی سەبارەت بە پێویستییەکانی پیشە لەخۆدەگریت، لەگەڵ ئەوەی بە پێنووس و کاغەز و بە شێوەی ڕاپۆرت پێوەردەکرێ.

٢. **زانینی جێبەجێکاری و لێهاتوویی:** ئەم زانینە پەیوەندیدارە بەوەی پێویستە بە کردەیی ئەنجامبدرێت، ئەمەش تێکەڵەیەکە لە زانین و چۆنیەتی ئەدا و توانایی لەسەری، ئەمەش لێهاتوویی درکپێکردن لەخۆدەگریت، واتە بە شێوەی زانین، یان لێهاتوویی کرداری کە لە ناو کاردا پێویستی بە بەکارهێنانی بازووەکانی لەش دەبێت، و هاندان، و ئاستی چالاکی بەخشراو، واتە سووربوون لە سەر کار (حنفي، ٢٠٠٣: ٤٥٦).

**لەم بارەیەوە کارایی بە سێ هۆکاری سەرەکی دیاریدەکرێت؛ وەک ئەمانە:**

١. **چالاکیی بەخشراو:** ڕەنگدانەوەی پلەی گونجانی تاکە بۆ ئەدای کارەکەی، چالاکیی بەخشراو پلەیەکی پاڵنەریی تاکە بۆ ئەدای کارەکەی.

٢. **تواناکان و تایبەتمەندییەکانی تاک:** خۆی لە تواناکانی تاک و ئەزموونی پێشووی دەنوێنێت کە بە پلەی چالاکیی بەخشراو دیاریدەکرێت.

٣. **درکپێکردنی تاک بۆ پیشەکەی:** واتە پێشبینییەکانی تاک و خورەوشتەکانی لە بارەی ئەو چالاکییانەی لە کارەکەی پێکدێن، و لەبارەی چۆنیەتی کە پێویستە ڕۆلی جێبەجێ بکرێ لە ناو ڕێکخراودا (الماجدة، ٢٠٠٣: ٢١١).

## ٢. ٥. هەڵسەنگاندنی کارایی:

هەڵسەنگاندنی توانای کارایی هاندانی کارمەندەکانە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراوی پلان بۆ داڕێژراو، چونکە هەڵسەنگاندنە بۆ هەموو کار و ئەرکەکانی پەیوەست بە توانای مرۆیی و توانای سەرکەوتنی پرۆسەی دەستنیشانکردنی دروست بۆ بەشداربووی گونجاو لە شوێنی گونجاو و ئامادەیی بۆ کارێکی دیاریکراو لەپاڵ هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکانی ڕاهێنان و توانای سەرکەوتنیان لە زیادکردنی مەهارە و زانیارییەکانی تاک و ڕاستکردنەوەی ڕەفتاریان. هەروەها پرۆسەیەکی ڕێکخراوە بۆ پێوانەکردن و بڕیاردان دەربارەی شتێک بە مەبەستی باشتر سوود بینین لە توانا مرۆییەکان و بەراوردکردن لەنێوان ئامانجە بەدەستهاتووەکانی ڕابردوو و ئەوانەش کە بڕیارە لە داهاتوودا بەدەست بێن، وەک چۆن هەڵسەنگاندن لەو هۆکارانە دەکۆڵێتەوە کە هۆکاری لاوازیی کارایی لەگەڵ شێوازی چارەسەرکردنیان بۆ ئەوەی ئاستی باشتر لە کارایی بەدەستبێت. هەریەکە لە شێوازەکانی وەسفی و شێوازەکانی بڕی بەکاردەهێنرێن بۆ هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی توانای کارایی، نموونەی هەڵسەنگاندن توانای کەفائەی کارمەندەکان وەکوو مەهارەی کارایی و بەڕێوەبردنی کار و توانای وردبینی لە کارایی و هاوکاری لەگەڵ سەرکردەکانی ناو دامەزراوەکە دەگرێتەوە (غربي و قيرة، ٢٠٠٧: ٣٧).

## ٢. ٦. ئامانجەکانی هەڵسەنگاندنی کاراییی فەرمانبەران:

هەڵسەنگاندنی توانست خۆی لە دوو گۆشەی سەرەکیدا دەبینێتەوە، کە بریتین لە کارایی بەرهەمهێنان و ئامادەیی کارمەندەکان بۆ بەرەوپێشچوون، ئەمەش بەو شێوەیی خوارەوە (عيشي، ٢٠١٣: ٢٧٠):

١. دەستنیشانکردنی تاکە بە تواناکان بۆ پێشخستنیان.

٢. لابردنی مەحسوبیەت لە ڕێگەی زیندووکردنەوەی ئەو بنەمایانەی کە پێشخستن و زیادکردنی بەرهەمیان لەسەر بنیادنراوە. لەگەڵ یەکخستنی ئەو بنەمایانەی کە بەش و پارچەکانیان لەسەر بنیادنراون.

٣. پەرەپێدانی ڕکابەرییکردن لەنێوان تاکەکان و هاندانیان لە خەرجکردنی توانای زیاتر بۆ سوودوەرگرتن لەو هەلانەی دێنە بەردەمیان.

٤. زیادکردنی ململانێ و ڕکابەری لەنێوان بەشە جیاوازەکانی دامەزراوە بە ئامانجی زیادکردنی بەرهەم.

٥. دانانی پێوەری بەرهەم و کارایی بەشەکان.

٦. ئاسانکردنی هێزی کار لە ڕێگەی زانینی بەشداربوان کە کاراییان هەیە لە داهاتوودا پۆست وەربگرن.

٧. زانیاری پەیداکردن دەربارەی بەشداربوان کە پێویستیان بە چاودێریی تایبەت یان ڕاهێنانی تایبەت هەیە.

٨. یارمەتیدانی چاودێرە ڕاستەوخۆکان لەوە بتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ کارمەندەکانی بەردەستیان و باشکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان (عیشي، ٢٠١٣: ٢٧٠).

**٣. ڕێبازی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە شێوازی چەندایەتی بەکارهێناوە، بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی پەیوست بە توێژینەوەکە کە بریتییە لە فۆڕمێکی ڕاپرسی یاخود پرسیارنامە کە ئاراستەی بەشێک لە فەرمانبەرانی زانکۆ تایبەتەکانی شاری هەولێر (زانکۆی لبنانی فەرنسی، زانکۆی جیهان،

زانکۆی بەیان) کراوە، بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست، بۆ خۆپاراستن لە لایەنگیری ئەو توێژینەوەییە ١٠١ فۆڕمی ڕاپرسی بە سەر فەرمانبەراندا بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دابەشکرد. ئەو پرسیارنامەیە کە دابەشکراوە لە سێ بەش پێکهاتووە؛ بەشی یەکەم لە زانیاریی کەسی بەشداربوو پێکهاتبوو. بەشی دووەم لە بەڕێوەبردنی کات کە لە چوار ڕەهەند پێکهاتووە هەر ڕەهەندێکیش لە چەند پرسیارێک. بەشی سێیەم چەند پرسیارێکە لەسەر ڕەهەندی کارایی پیشەیی. لە هەمان کاتدا توێژینەوەکە بۆ شیکردنەوەی داتاکان پڕۆگرامی (SPSS)ی بەکارهێنا، کە بەرنامەیەکە بۆ شیکردنەوە ئامارییەکان لە زانستە مرۆڤایەتییەکان بەکاردێت. لە لایەکی ترەوە توێژینەوەکە وەسفی داتاکانی کردووە لە ڕێگەی دابەشبوونی دووبارەیی و ڕێژەی سەدی و بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکان کای سکوێر تێست بەکارهاتووە.

### ٤. شیکردنەوە و وەسفکردنی داتاکان:

### ١.٤. وەسفکردنی گۆڕاوە دیموگرافییەکان:

به گوێرەی خشتەی ژمارە (١) لە دوزینەوەی پۆلێنکردنەکەدا, وەڵامدراوەکان بە گوێرەی ڕەگەز ئەمە پێشکەش دەکات کە ٥٢.٥٪ لە وەڵامدراوەکان نێرینەن، لە کاتێکدا کە وا پێشاندەدرێت کە ٤٧.٥٪ مێینە بوون، ئەمەش ئەو واتایە دەبەخشێت کە ڕێژەی سەدیی نێرینەکان زیاتر بووە لە ڕێژەی سەدیی مێینەکان. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بە گوێرەی ئەنجامەکان، ٥٨٪ی وەڵامدراوەکان ئاستی خوێندەوارییان زیاترە لە بکالۆریوس, لە کاتێکدا کە بیرمان دەخرێتەوە کە ٥٠.٥٪ وەڵامدراوەکان بڕوانامەی بەکالۆریوس, یان زیاتریان هەیە. ئەوانەی کە ئامادەیی ١٣.٩٪ و دیبلۆم ٢٦.٧٪ و ماستەر ٨.٩٪ بوون. هەروەها گەر سەرنج بدەین کە ٣٤.٧٪ ی وەڵامدراوەکان کەمتر لە ١٠ ساڵ ئەزموونی کارکردنیان

هەبووە، لە لایەکی ترەوە ٣٤.٧٪ ١٠-١٥ ساڵ ئەزموونی کاریان هەبووە، زۆرترین ئەزموونی کارکردنیش کە بە ڕێژەییە ٣٠.٦٪ بووە کە زیاتر لە ١٥ ساڵ بووە. لە کوتاییدا ئەنجامی خشتەکە وامان پێشاندەدات کە وەڵامدراوەکان بۆ سەر ٣ گرووپدا دابەشدەبن، یەکەم گرووپی گەنج کە تەمەنیان کەمترە لە ٢٩ ساڵی کە ڕێژەیی ٢٠.٨٪ لەخۆدەگرن, گرووپی دووەم کە پێگەیشتوون تەمەنیان لە نێوان ٣٠ بو ٣٨ ساڵی ٤٦.٥٪ دەبێت و گرووپی سێیەم کە سەرووی ٣٩ ساڵین ٣٢.٧٪ بوون.

خشتەی ژمارە (١)؛ گۆڕاوە دیموگرافییەکان:

| گۆڕاوەکان | | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | ٥٣ | ٥٢.٥ |
| | مێ | ٤٨ | ٤٧.٥ |
| | کۆی گشتی | ١٠١ | ١٠٠ |
| تەمەن | کەمتر لە ٢٩ ساڵ | ٢١ | ٢٠.٨ |
| | ٣٠ – ٣٨ | ٤٧ | ٤٦.٥ |
| | زیاتر لە ٣٩ ساڵ | ٣٣ | ٣٢.٧ |
| | کۆی گشتی | ١٠١ | ١٠٠ |
| ئاستی خوێندەواری | ئامادەیی | ١٤ | ١٣.٩ |
| | دیبلۆم | ٢٧ | ٢٦.٧ |
| | بەکالۆریۆس | ٥١ | ٥٠.٥ |
| | ماستەر | ٩ | ٨.٩ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | کۆی گشتی | ١٠١ | ١٠٠ |
| ئەزموونی کار کردن | کەمتر لە ١٠ ساڵ | ٣٥ | ٣٤.٧ |
| | ١٠ - ١٥ | ٣٥ | ٣٤.٧ |
| | زیاتر لە ١٥ ساڵ | ٣١ | ٣٠.٦ |
| | کۆی گشتی | ١٠١ | ١٠٠ |

**٢.٤. ڕەهەندەکانی بەڕێوەبردنی کات:**

**١.٢.٤. ڕەهەندی پلاندانانی کات:**

ئەگەر سەرنج بدەینە سەر خشتەی (٢) ئەو زانیارییانەی کە کۆکراونەتەوە سەبارەت بە ڕەهەندی بەڕێوەبردنی کات دەبینین کە ئەنجامی وەڵامدراوەکان بۆ ئەوەی کە؛ ئامانجم دیاری دەکەم بە پێی گونجان لەگەڵ ئەو کاتەی لەبەر دەستمە، دەبینین کە وەڵامەکان بەم شێوەیەن، ئەوانەی ڕازین ٧٤.٣٪ , ئەوانەی تا ڕادەیەک ڕازین ١٥.٨٪ بوون و ئەوانەی ناڕازین ٩.٩٪ بوون. بۆیە ئەنجامەکان وا دەردەخەن کە کەمتر لە وەڵامدراوەکان لەگەڵ ئەوەدان کە ئامانجیان دیاریدەکەن بە پێی گونجان لەگەڵ ئەو کاتەی لەبەر دەستیانە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم خشتەیە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە ٥٤.٥٪ ی وەڵامدراوەکان ڕازین، بەڵام ئەوانەی کە بە تاڕادەیەک وەڵامیانداوەتەوە ١٩.٨٪ بوون, و ئەوانەی کە هاوڕا نەبوون و بە ناڕازی وەڵامیانداوەتەوە ٢٥.٧٪ بوون سەبارەت بەوەی کە کات دیاریدەکەم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر کێشەیەک یاخود هەر ڕووداوێکی لە ناکاو، لێرەدا زۆربەیان وامان پێ ڕادەگەیەنن کە کات دیاریدەکەن بۆ هەر کێشە و ڕووداوێکی لەناکاو. لە لایەکی تریشەوە

ئەنجامەکان نیشانیدەدەن کە بەنسبەت گۆڕاوی خۆم دووردەگرم لە هەندێک چالاکی ئەگەر نەتوانم هەندێ لە ئامانجەکانم بەدیبێنم، ٥٥ کەس لە وەڵامدەرەوەکان هاوڕان، لە هەمان کاتدا سەدا ١٠.٩ لە وەڵامدەرەوەکان هاوڕانین. کەواتە ئەنجامەکە پێمان دەڵێت کە زۆربەی کارمندەکان ئاگاداری ئامانجەکانی ڕێکخراوەکانیانن. زیاتر، خشتەکە پێمان دەڵێت کە بەشێکی گەورە لە وەڵامدەرەوەکان ڕازین بە نسبەی ٦٠.٤٪ بەنسبەت گۆڕاوی هەڵدەستم بە دانانی پلان بۆ ئەو کارانەی کە پێویستە جێبەجێیان بکەم پێش دەستپێکردن.

خشتەی ژمارە (٢)؛ ڕەهەندی پلاندانانی کات

| گۆڕاوەکان | | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ئامانجم دیاری دەکەم بە پێی گونجان لەگەل ئەو کاتەی لەبەر دەستمە | ناڕازیم | ١٠ | ٩.٩ |
| | تاڕادەیەک | ١٦ | ١٥.٨ |
| | ڕازیم | ٧٥ | ٧٤.٣ |
| | کۆی گشتی | ١٠١ | ١٠٠ |
| کات دیاری دەکەم بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر کێشەیەک یا خود هەر | ناڕازیم | ٢٦ | ٢٥.٧ |
| | تاڕادەیەک | ٢٠ | ١٩.٨ |
| | ڕازیم | ٥٥ | ٥٤.٥ |
| | کۆی گشتی | ١٠١ | ١٠٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕووداوێکی لە ناکاو | | | |
| خۆم دوور دەگرم لە هەندێک چالاکی ئەگەر نەتوانم هەندێ لە ئامانجەکانم بەدی بێنم | ناڕازیم | ١١ | ١٠.٩ |
| | تاڕادەیەک | ٣٥ | ٣٤.٧ |
| | ڕازیم | ٥٥ | ٥٤.٥ |
| | کۆی گشتی | ١٠١ | ١٠٠ |
| هەڵدەستم بە دانانی پلان بۆ ئەو کارانەی کە پێویستە جێبەجێیان بکەم پێش دەستپێکردن | ناڕازیم | ٩ | ٨.٩ |
| | تاڕادەیەک | ٣١ | ٣٠.٧ |
| | ڕازیم | ٦١ | ٦٠.٤ |
| | کۆی گشتی | ١٠١ | ١٠٠ |

### ٤. ٢. ٢. ڕەهەندی ڕێکخستنی کات:

به گوێرەی ئەو ئەنجامانەی کە لە خشتەی (٣) دا دەرچووە, سەبارەت بە ڕێکخستنی کات کاتێک ئەو کارانە ئەنجام دەدەم بە پێی گرنگییان، ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن کەوا ئەوانەی کە ڕازین ٤٥.٥٪ ن، ئەوانەی تاڕادەیەک ڕازین ٣٢.٧٪ و ناڕازییەکان ٢١.٨٪ بوون. کەواتە وەڵامەکان ئەوە دەگەیەنن کە وەڵامدەرەکان هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە ڕێکخستنی کات بە پێی گرنگیی کارەکان گرنگە و دەتوانن ئەنجامی باشتریان هەبێت لە کارکردن. بەڵام بۆ ئەوەی کە هەندێ لە کارەکانم دەدەمە کەسانی تر بۆ ئەوەی خۆم بۆ کاری گرنگتر ئامادە بکەم. وەڵامدەرەوەکان بەم شێوازە وەڵامیانداوەتەوە کە ئەوانەی ڕازین ٣٥.٦٪

بوون، ٣٨.٦٪ وەڵامەکایان تا ڕادەیەک بووە، و ئەوانەی ناڕازین ٢٥.٧٪ بوون، بۆیە دەکرێ بڵێین کە بەشێکی زۆر لە فەرمانبەران ئامادەن کە کارەکانیان بە هاوڕێکانیان بسپێرن کاتێک کارێکی گرنگتریان دێتە پێش، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانین بڵێین کە یەک لە سەر چواری فەرمانبەرانیش متمانەیان نییە هەر ئارەزوودەکەن گشت کارەکان بە خۆیان ئەنجامبدەن، واتە بڕوایان بە تیم گرووپ نییە. دوابەدوای ئەمە خشتەکە ئەم ئەنجامەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە وەڵامدراوەکان بەم شێوازە دەدوێن لەسەر ئەوەی کە دەست بە کاتەوە دەگرم لە کاتی کارکردندا. ٢٤.٨٪ لەسەدا ڕازین، ٤٠.٦٪ تاڕادەیەک بوو وەڵامەکەیان، و ناڕازی ٣٤.٧٪ بوون، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە وەڵامدەرەوەکان بەشێکی زۆریان دەست بە کاتەوە ناگرن لە کاتی کارکردندا، ئەمەش لە ناو دامودەزگاکاندا وەک دیاردەی لێهاتووە بۆیە کاریگەرییەکی زۆر خراپ دەکاتە سەر بەرهەم. ئەنجامەکان ئەمەش دەردەخەن کە وەڵامدراوەکان زیاتر ڕازین کە ئەو کارانەی کە پێیان سپێردراون دابەشیان دەکەن بۆئەوەی بە وردی بتوانن کارەکان ئەنجامبدەن، چونکە وەڵامەکانیان ئەمانەن، ڕازیم ٥٥.٤٪ بووە، تاڕادەیەک ٣٠.٧٪ بووە و هەروەها ١٣.٩٪ ناڕازین.

خشتەی ژمارە (٣)؛ ڕەهەندی ڕێکخستنی کات

| گۆڕاوەکان | | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- | --- |
| ئەو کارانە ئەنجام دەدەم بە پێی گرنگیان | ناڕازیم | ٢٢ | ٢١.٨ |
| | تاڕادەیەک | ٣٣ | ٣٢.٧ |
| | ڕازیم | ٤٦ | ٤٥.٥ |
| | کۆی گشتی | ١٠١ | ١٠٠ |
| هەندێ لە کارەکانم دەدەم کەسانی تر بۆ ئەوەی خۆم بۆ کاری گرنگ ئامادەبکەم | ناڕازیم | ٢٦ | ٢٥.٧ |
| | تاڕادەیەک | ٣٩ | ٣٨.٦ |
| | ڕازیم | ٣٦ | ٣٥.٦ |
| | کۆی گشتی | ١٠١ | ١٠٠ |
| دەست بە کاتەوە دەگرم لە کاتی کارکردندا | ناڕازیم | ٣٥ | ٣٤.٧ |
| | تاڕادەیەک | ٤١ | ٤٠.٦ |
| | ڕازیم | ٢٥ | ٢٤.٨ |
| | کۆی گشتی | ١٠١ | ١٠٠ |
| ئەو کارانەی کە پێم سپێردراون دابەشیان دەکەم | ناڕازیم | ١٤ | ١٣.٩ |
| | تاڕادەیەک | ٣١ | ٣٠.٧ |
| | ڕازیم | ٥٦ | ٥٥.٤ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠٠ | ١٠١ | کۆی گشتی | بۆئەوەی بە وردی بتوانم کارەکان ئەنجام بدەم |

## ٤. ٢. ٣. ڕەهەندی ئاراستەکردنی کات:

لە ئەنجامی خشتەی ژمارە (٤) دا بۆمان دەردەکەوێت کە هۆکارە پێشکەوتووەکان بۆ دەستخستنی زانیارییەکان لە کەمترین کاتدا بەکاردهێنرێن، بە بینینی ئەنجامەکانی وەڵامدراوەکان بۆ ئەم مەبەستە ٤٤.٦٪ ڕازین، تاڕادەیەک ٣٦.٦٪ بوون، لە لایەکی ترەوە ١٨.٨٪ ناڕازی بوون. لێرەدا بەو ئەنجامە دەگەین، کە هۆکارەکانی پێشکەوتوو، وەک تەکنەلۆژیا هۆکارن بۆ بەفیڕۆنەدانی کات و زیادکردنی بەرهەم. جۆرێکی تری ڕەهەندی ئاراستەکردنی کات هاوسەنگی ڕاگرتنە لە نێوان داخوازییەکانی کەسی و کاردا. وەڵامی وەڵامدراوەکان بەم شێوەیە بوو کە ٥٢.٥٪ ڕازی و ٣٦.٦٪ تاڕادەیەک بوون و لە بەرانبەر دا ١٠.٩٪ ناڕازی بوون. بەم شێوەیە دەکرێ بڵێین زۆرێکی فەرمانبەران هاوسەنگی لە نێوان کاری کەسی و کاری کارگێڕیدا ڕادەگرن، ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر زۆرکردنی کات و ڕاییکردنی کارەکانی ڕێکخراوەکان. دوای ئەمە نسبەت بە گۆڕاوی هاوکاریکردن لەگەڵ یەکتر بۆ ئەنجامدانی کارەکان لە کاتی پلان بۆ دانراو، ئەوانەی کە ڕازی بوون لەم هاوکارییە ٥٧.٤٪ بوون، و ٣٠.٧٪ تاڕادەیەک هاوکارن و ١١.٩٪ ناڕازی بوون لە هاوکاریکردن. جیاوازی دەکرێت لە نێوان ئەو چالاکییانەی کە دەکرێت دوابخرێن بەراورد بە وانەی کە دواناخرێن. ٣٣ کەسیان هاوڕانەبوون لەوەی کە جیاوازی بکرێت، ٣٦ کەسیان تاڕادەیەک و ٣٢ کەسیان هاوڕابوون کە جیاوازی بکرێت، کەواتە ئەنجامەکە پێمان دەڵێت کە کارەکان هەموویان بە ئەندازەی یەک گرنگن.

خشتەی ژمارە (٤)؛ ڕەهەندەی ئاراستەکردنی کات

| گۆڕاوەکان | | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| هۆکارە پێشکەوتووەکان بەکاردهێنم بۆ دەستخستنی زانیارییەکان لە کەمترین کاتدا | ناڕازیم | ١٩ | ١٨.٨ |
| | تاڕادەیەک | ٣٧ | ٣٦.٦ |
| | ڕازیم | ٤٥ | ٤٤.٦ |
| | کۆی گشتی | ١٠١ | ١٠٠ |
| هاوسەنگی ڕادەگرم لە نێوان داخوازییەکانی کەسیم و کارەکەمدا | ناڕازیم | ١١ | ١٠.٩ |
| | تاڕادەیەک | ٣٧ | ٣٦.٦ |
| | ڕازیم | ٥٣ | ٥٢.٥ |
| | کۆی گشتی | ١٠١ | ١٠٠ |
| لەگەل هاوکارەکانمدا هاوکار دەبم بۆ ئەنجامدانی کارەکان لە کاتی پلان بۆ دانراو | ناڕازیم | ١٢ | ١١.٩ |
| | تاڕادەیەک | ٣١ | ٣٠.٧ |
| | ڕازیم | ٥٨ | ٥٧.٤ |
| | کۆی گشتی | ١٠١ | ١٠٠ |
| جیاوازی دەکرێت لە نێوان ئەو چالاکییانەی کە دەکرێت دوابخرێن بەراورد بە وانەی کە دواناخرێن | ناڕازیم | ٣٣ | ٣٢.٧ |
| | تاڕادەیەک | ٣٦ | ٣٥.٦ |
| | ڕازیم | ٣٢ | ٣١.٧ |
| | کۆی گشتی | ١٠١ | ١٠٠ |

### ٤. ٢. ٤. ڕەهەندەی چاودێریکردنی کات:

خشتەی ژمارە (٥) پیشانمان دەدات, سەبارەت بەوەی کە هۆکارەکانی بەفیرۆدانی کات دیاریدەکەم، ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کەوا ئەوانەی کە ڕازین ٤١.٦٪ ن، ئەوانەی تا ڕادەیەک ڕازین ٢٩.٧٪ و ناڕازییەکان ٢٨.٧٪ بوون. کەواتە وەڵامەکان ئەوە دەگەیەنن کە وەڵامدەرەکان هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە هۆکارەکانی بەفیرۆدانی کات دەستنیشان دەکەن. بەڵام بۆ ئەوەی کە یادداشتێکی ڕۆژانە لای خۆم دەپارێزم بۆ بە دواداچوونی ئەوەی داواکراوە کە جێبەجێبکرێت، وەڵامدەرەوەکان بەم شێوازە وەڵامیان داوەتەوە کە ئەوانی ڕازین ٣٣.٧٪ بوون، ٣٤.٧٪ وەڵامەکایان تا ڕادەیەک بووە، ناڕازی ٣١.٧٪، بۆیە دەکرێ بڵێین کە یاداشتکردنی کاروبارەکانی ڕۆژانە هاوکارە بۆ چاودێری کردنی کاتەکان. دوابەدوای ئەمە خشتەکە ئەم ئەنجامەمان ڕوون دەکاتەوە کە وەڵامدراوەکان بەم شێوازە دەدوێن لەسەر ئەوەی کە هەلدەستم بە ئەنجامدانی هەلسەنگاندنی خودی بۆ ئەوەی ئامانجەکان جێبەجێ کراون ئەوانەی کە ڕازین ٣٢.٧٪ دەبن، ٣٠.٧٪ تاڕادەیەک و نارازییەکان ٣٦.٦٪ بوون، لێرەدا بومان دەردەکەوێت کە هەلسەنگاندی خودی بە کەمی ئەنجام دەدرێت کە ئەمەش کارێکی زۆر گرنگە بۆیە دەبێت دامودەزگاکان و ڕێکخراوەکان گرنگی زۆر پێ بدەن. ئەنجامەکان ئەمەش دەردەخەن کە وەڵامدراوەکان ڕازین کە دەستخۆشی هاندان دەکەم لە سەر خێرا ئەنجامدانی کارەکەم، چۆنکە وەڵامەکانیان بەم شێوەیەن، ڕازیم ٤٧.٥٪ بوون، تاڕادەیەک ٣٠.٧٪ بوون و ٣٢.٧٪ ناڕازین.

خشتەی ژمارە (٥)؛ ڕەهەندەی چاودێری کردنی کات

| گۆڕاوەکان | | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| هۆکارەکانی بە فیروودانی کات دیاری دەکەم | ناڕازیم | ٢٩ | ٢٨.٧ |
| | تاڕادەیەک | ٣٠ | ٢٩.٧ |
| | ڕازیم | ٤٢ | ٦.٤١ |
| | کۆی گشتی | ١٠١ | ١٠٠ |
| یادداشتێکی ڕۆژانە لای خۆم دەپارێزم بۆ بە دواداچوونی ئەوەی داواکراوە کە جێبەجێ بکرێت | ناڕازیم | ٣٢ | ٣١.٧ |
| | تاڕادەیەک | ٣٥ | ٣٤.٧ |
| | ڕازیم | ٣٤ | ٣٣.٧ |
| | کۆی گشتی | ١٠١ | ١٠٠ |
| هەلدەستم بە ئەنجامدانی هەلسەنگاندنی خودی بۆ ئەوەی ئامانجەکان جێبەجێکراون | ناڕازیم | ٣٧ | ٣٦.٦ |
| | تاڕادەیەک | ٣١ | ٣٠.٧ |
| | ڕازیم | ٣٣ | ٣٢.٧ |
| | کۆی گشتی | ١٠١ | ١٠٠ |
| | ناڕازیم | ٢٢ | ٣٢.٧ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| دەست خۆشی هاندان دەکەم لە سەر خێرا ئەنجامدانی کارەکەم | تاڕادەیەک | ٣١ | ٣٠.٧ |
| | ڕازیم | ٤٨ | ٤٧.٥ |
| | کۆی گشتی | ١٠١ | ١٠٠ |

**٣.٤. ڕەهەندی کارایی پیشەیی:**

خشتەی ژمارە (٦) کە تایبەتە بە گۆڕاوی وابەستە ئەویش لە چوار پرسیار پێکهاتوو، وەلامدەرەوکان بەم شێوەییە وەلامی پرسیارەکانیان داوەتەوە، لە ئەنجامی پرسیاری توانای ئەنجامدانی ئەو کارانەم هەیە کە پێم سپێردراون لە جێی ئەوەی بکەومە هەڵەوە، زۆربەی ئەوانەی بەشداربوون لەم ڕاپرسییە هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە کەمترین هەڵە ئەنجامبدەن لە کارەکانیان بە ڕێژەی ٥٧٪ . لە لایەکی ترەوە ٥٨.٪ لە وەلامدەرەوەکان هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە لە ڕووی پیشەییەوە خاوەن زانیاری و هونەرن بۆ ئەو کارانەی کە پەیوەستن بە فەرمانبەریەتییەوە. لە هەمان کاتدا بە ڕێژەی ١٨.٨٪ هاوڕانین، ٦.٣٧٪ تاڕادەیەک هاوڕان و ٤٣.٦٪ هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە لە کارەکانیاندا هەڵدەستن بە دەستپێشخەریکردن. لە کۆتا پرسیار کە لەم ڕەهەند ئاراستەی فەرمانبەران کرابوو، کە گوایە ئامادەن بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارتیی گەورە، تەنها ٣٠.٧٪ ئامادەن بەرپرسیاریەتیی گەورە هەڵگرن، ٤٠.٦٪ تاڕادەیەک ئامادەن و ٢٨.٧٪ ئامادە نین کە بەرپرسیاریەتیی گەورە هەڵگرن.

خشتەی ژمارە (٦)؛ ڕەهەندەی کارایی پیشەیی

| ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | گۆڕاوەکان | |
|---|---|---|---|
| ١٩.٨ | ٢٠ | هاوڕانیم | توانای ئەنجام دانی ئەو کارانەم هەیە کە پێم سپێردراون لە جێی ئەوەی بکەومە هەڵەوە |
| ٢٢.٨ | ٢٣ | تاڕادەیەک | |
| ٥٧.٤ | ٥٨ | هاوڕام | |
| ١٠٠ | ١٠١ | کۆی گشتی | |
| ١٤.٩ | ١٥ | هاوڕانیم | لە ڕووی پیشەیەوە خاوەن زانیاری و هونەرم بۆ ئەو کارانەی کە پەیوەستن بە فەرمانبەریەتییەوە |
| ٢٦.٧ | ٢٧ | تاڕادەیەک | |
| ٥٨.٤ | ٥٩ | هاوڕام | |
| ١٠٠ | ١٠١ | کۆی گشتی | |
| ١٨.٨ | ١٩ | هاوڕانیم | هەلدەستم بە کارەکەم بە گیانێکی هاندەرانەوە لە دەستپێشخەریدا |
| ٣٧.٦ | ٣٨ | تاڕادەیەک | |
| ٤٣.٦ | ٤٤ | هاوڕام | |
| ١٠٠ | ١٠١ | کۆی گشتی | |
| ٢٨.٧ | ٢٩ | هاوڕانیم | ئامادەم بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتیی گەورە |
| ٤٠.٦ | ٤١ | تاڕادەیەک | |
| ٣٠.٧ | ٣١ | هاوڕام | |
| ١٠٠ | ١٠١ | کۆی گشتی | |

## ٤.٤. پەیوەندیی نێوان کارایی پیشەیی لەگەڵ فاکتەرە دیموگرافییەکان:

دەتوانین لە خشتەی ژمارە (٧) دا پەیوەندیی نێوان فاکتەرە دیموگرافییەکان لەگەڵ کارایی پیشەیی ببینین، ئەنجامی ئەم خشتەیە پیشانمان دەدات کە گۆڕاوی ڕەگەز و تەمەن و ئەزموونی کارکردن و ئاستی خوێندەواری پەیوەندییان بە کارایی پیشەییەوە نییە، و لە لایەکی ترەوە ئەنجامەکان وامان پێ دەڵێن کە ئەم گۆڕاوە دیموگرافییانە کاریگەرییان نەبووە لەسەر کارایی پیشەیی.

خشتەی (٧)؛ پەیوەندی نێوان کارایی پیشەیی لەگەل فاکتەرە دیموگرافیەکان

| گۆڕاوەکان (Variables) | | کارایی پیشەیی | | | | P-Value | $X^2$ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕام | تاڕادەیەک | هاوڕانیم | کۆی گشتی | | |
| ڕەگەز | ١ : نێر | ٢٦.٤ | ٣٢.١ | ٤١.٥ | ١٠٠٪ | ٠.٧٩٥ | ٠.٤٥٩ |
| | ٢ : مێ | ٣١.٣ | ٣٣.٣ | ٣٥.٤ | ١٠٠٪ | | |
| تەمەن | بچوکترلە ٢٩ | ٣٨.١ | ٣٨.١ | ٤٠.٤ | ١٠٠٪ | ٠.٥٦٢ | ٢.٩٧٦ |
| | ٣٠ - ٣٨ | ٢٥.٥ | ٣٤.٠ | ٤٠.٤ | ١٠٠٪ | | |
| | ٣٩ زیاتر | ٢٧.٣ | ٢٧.٣ | ٤٥.٥ | ١٠٠٪ | | |
| ئاستی خوێندەواری | ١ : ئامادەیی | ٢٨.٦ | ٣٥.٧ | ٣٥.٧ | ١٠٠٪ | ٩٩٩.٠ | ٠.٤٣٩ |
| | ٢ : دیبلوم، | ٢٩.٦ | ٢٩.٦ | ٤٠.٧ | ١٠٠٪ | | |
| | ٣: بەکالوریوس | ٢٩.٤ | ٣٣.٣ | ٣٧.٣ | ١٠٠٪ | | |
| | ٤: ماستەر | ٢٢.٢ | ٣٣.٣ | ٤٤.٤ | ١٠٠٪ | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی کارکردن | ١ : کەمتر لە ١٠ | ٣١.٤ | ٣٧.١ | ٣١.٤ | ٪١٠٠ | ٠.٥٨٨ | ٢.٨٢٣ |
| | ٢ : ١٠ – ١٥ | ٢٧.٨ | ٣٦.١ | ٣٦.١ | ٪١٠٠ | | |
| | ٣ : زیاتر لە ١٥ | ٢٦.٧ | ٢٣.٣ | ٥٠.٠ | ٪١٠٠ | | |

## ٥.٤. پەیوەندیی نێوان کارایی پیشەیی لەگەڵ فاکتەرەکانی بەڕێوەبردنی کات:

کە سەرنج دەدەینە خشتەی (٨) دەبینین کە پەیوەندی لە نێوان هەر چوار ڕەهەندی بەڕێوەبردنی کاردا هەیە، پلاندانانی کات، ڕێکخستنی کات، ئاراستەکردنی کات و چاودێریکردنی کات لەگەڵ ڕەهەندی کارایی پیشەیی. لە ڕوویەکی ترەوە ئەم دەرئەنجام بۆمان ڕووندەکاتەوە کە پەیوەندیی ئاماری لە نێوان پلاندانی کات و کارایی پیشەیی هەیە (X2: ٩.٩٩١ , P: ٠.٠٤١)، کەواتە دەتوانین بڵێین پلاندانی کات کاریگەری لە سەر کارایی پیشەیی هەیە. لە هەمان کاتدا ڕەهەندی ڕێکخستن پەیوەندی و کاریگەری لە سەر کارایی پیشەیی لە ڕووی ئامارییەوە هەیە (X2: ١٠.٨٨٢ , P: ٠.٠٢٨). بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر ئەنجامەکان بۆمان دەردەخەن کە پەیوەندی لە نێوان ڕەهەندی ئاراستەکردن و کارایی پیشەییەوە هەیە، لە هەمان کاتدا کاریگەریش دەکاتە سەر کارایی فەرمانبەران لە ڕێکخراوەکاندا (X2: ١١.٩٥٨ , P: ٠.٠١٨) لە لایەنی ئامارییەوە. چاودێریکردنی کات کۆتا ڕەهەندی بەڕێوەبردنی کاتە کە پەیوەندی و کاریگەرییەکی ئاماری لە سەر کارایی پیشەیی هەیە (X2: ١٠.٠٠٠ , P: ٠.٠٤٠). بەم شێوەیە لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەردەکەوێت کەوا پلاندانان و ڕێکخستن و ئاراستەکردن و چاودێریکردن

زۆر گرنگن و دەبێت بۆ کاتەکانیان لە کارکردن لە ڕێکخراوەکان گرنگیان پێ بدرێت ، چونکە هەم پەیوەندییان هەیە و هەم کاریگەریی.

خشتەی (٨)؛ پەیوەندیی نێوان کارایی پیشەیی لەگەڵ فاکتەرەکانی بەڕێوەبردنی کات

| گۆڕاوەکان (Variables) | | کارایی پیشەیی | | | | P-Value | $X^2$ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕام | تاڕادەیەک | هاوڕانیم | کۆی گشتی | | |
| پلاندانانی کات | ڕازیم | ١٧.٦ | ٣٩.٢ | ٤٣.١ | ١٠٠٪ | ٠.٠٤١ | ٩.٩٩١ |
| | تا ڕادەیەک | ٣٠.٤ | ٢١.٧ | ٤٧.٨ | ١٠٠٪ | | |
| | ناڕازیم | ٤٨.١ | ٢٩.٦ | ٢٢.٢ | ١٠٠٪ | | |
| ڕێکخستنی کات | ڕازیم | ٣٧.٩ | ٢٠.٧ | ٤١.٤ | ١٠٠٪ | ٠.٠٢٨ | ١٠.٨٨٢ |
| | تا ڕادەیەک | ٣٠.٦ | ٤٢.٩ | ٢٦.٥ | ١٠٠٪ | | |
| | ناڕازیم | ١٣.٠ | ٢١.٦ | ٦٠.٩ | ١٠٠٪ | | |
| ئاراستەکردنی کات | ڕازیم | ٤٤.٧ | ٢١.٣ | ٣٤.٠ | ١٠٠٪ | ٠.٠١٨ | ١١.٩٥٨ |
| | تا ڕادەیەک | ١١.١ | ٤٤.٤ | ٤٤.٤ | ١٠٠٪ | | |
| | ناڕازیم | ١٦.٧ | ٤١.٧ | ٤١.٧ | ١٠٠٪ | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چاودێریکردنی کات | ڕازیم | ٢٤.٥ | ٤٢.٩ | ٣٢.٧ | ١٠٠٪ | ٠.٠٤٠ | ١٠.٠٠٠ |
| | تا ڕادەیەک | ٠.٤٨ | ١٦.٠ | ٣٦.٠ | ١٠٠٪ | | |
| | ناڕازیم | ١٨.٥ | ٢٩.٦ | ٥١.٩ | ١٠٠٪ | | |

**٥. ئەنجام:**

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە پێشبینی دەکات کەوا فاکتەرە دیموگرافییەکان پەیوەندی و کاریگەرییان لەسەر کارایی پیشەی نییە، لەمانەش توانای ئەنجامدانی ئەو کارانەیان هەیە کە پێیان سپێردراون لە جێی ئەوەی بکەونە هەڵەوە، بەرپرسیارەتی هەڵگرتن لە کارکردن، داهێنان کردن لە کاردا، کەواتە تەمەن و ئاستی خوێندەواری و ئەزموونی کارکردن هیچ کامیان هۆکار نین بۆ ئەوەی کە کارمند تووشی هەڵە ببن یان بەرپرسیاریەتی و داهێنان نەکەن. پەیوەندیی ئاماری هەیە لە نێوان پلاندانی کات و کارایی پیشەیی لە لایەکی ترەوە کاریگەری دەکاتە سەر کارایی پیشەییەوە، بە ڕێژەیەکی گەورە لە وەڵامەکان ٤٨٪ ڕازین بەوەی کە کاریگەری هەیە، لە هەمان کاتدا لە ڕووی ئامارییەوە ڕەهەندی ڕێکخستن پەیوەندی و کاریگەری لە سەر کارایی پیشەیی هەیە (P: ٠.٠٢٨ , X2: ١٠.٨٨٢). بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر ئەنجامەکان بۆمان دەردەخەن کە پەیوەندی لە نێوان ڕەهەندی ئاراستەکردن و کارایی پیشەییەوە هەیە، لە هەمان کاتدا کاریگەریش دەکاتە سەر کارایی فەرمانبەران لە ڕێکخراوەکاندا (X2: ١١.٩٥٨ , P: ٠.٠١٨) لە لایەنی ئامارییەوە. چاودێریکردنی کات کۆتا ڕەهەندی بەڕێوەبردنی کاتە کە پەیوەندی و کاریگەرییەکی ئاماری لە سەر کارایی پیشەیی هەیە.

**سەرچاوەکان:**


- أبو شيخة احمد نادر ، مدخل إلى إدارة الوقت: الطبعة الأولى، دار السارة للنشر والتوزيع والطباعة، الأردن، ٢٠٠٩.

- تركي سنية كاظم، إدارة الوقت وأثرها على الأداء الوظيفي، مجلة الكوت للعلوم الاقتصادية والإدارية، جامعة واسط، بغداد، ٢٠١٥.

- جلال الدين ابوعطيط، الاتصال التنظيمي وعلاقته بالأداء الوظيفي، مذكرة تخرج لنيل شهادة الماجستير جامعة منتوري محمود قسنطينة، الجزائر، ٢٠٠٩.

- حنفي، عبدالغفار، السلوك التنظيمي و الإدارة الموارد البشرية، دار الجامعة الجديدة للنشر، الإسكندرية، ٢٠٠٣.

- الخضيري ، محسن احمد ، الإدارة التنافسية للوقت المنضومة التكاملة لامتلاك المزايا التنافسية الشاملة,ط/ دار ايتراک، مصر ٢٠٠٠.

- الزهراني، علي بن عيسى ، أدارة الوقت: مكتب تشاد(مؤسسة مكة المكرمة الخيرية)، ط١، السعودية، ٢٠٠٦.

- السالم، مؤيد وصالح، عادل، ادارة الموارد البشرية: مدخل استراتجي، عالم الكتاب الحديث للنشر والتوزيع، اربد، الأردن، ٢٠٠٢.

- سويدان طارق ، محمد العدلونى ، فن إدارة الوقت : الطبعة الأولى، دار قرطبة للنشر والتوزيع، المملكة العربية السعودية، ٢٠٠٣.
- شحادة محمد امين، ادارة الوقت بين التراث و المعاصرة، ط ١، دار بن الجوزي، السعودية، ٢٠٠٦.
- الصغير، رِنا بنت محمد، إدارة الوقت وعلاقتها بضغوط العمل من وجهة نظر العاملين في شركة ارامكو السعودية بمدينة الرياض, مذكرة ماجستير في العلوم الأدارية (غير منشورة) كلية الدراسات العليا، جامعة نايف العربية العلوم الأمنية، السعودية ٢٠١٣.
- الصيرفي محمد ، إدارة الوقت: مؤسسة حورس الدولية للنشر و التوزيع، مصر، ٢٠٠٦.
- عبد المحسن جودة، عبد الحميد عبدالفتاح، إدارة الموارد البشرية، الطبعة الثانية، جامعة المنصورة، مصر، ٢٠٠٢.
- العلاق بشير ، أساسيات إدارة الوقت: دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، الأردن، ٢٠٠٩.
- العميان، محمود سلمان، السلوك التنظيمي في المنظمات الأعمال، ط٢، دار وائل للنشر، عمان، الأردن، ٢٠١٣.

- عيشي عمار، اتجاهات التدريب و تقييم أداء الأفراد، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٣.
- غربي على، قيرة إسماعيل، بلقاسم سلاطنية، تنمية الموارد البشرية، القاهرة : دار الفجر، ٢٠٠٧.
- الكبيسي، عامرخضير، التدريب الإداري والامني، رؤية معاصرة للقرن الحادي والعشرين، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية، الرياض، ٢٠١٠.
- الماجدة العطية، سلوك المنظمة، سلوك الفرد والجماعة، دار الشرق للنشر و التوزيع، عمان، الاردن، ٢٠٠٣.
- النشوائي، صلاح، ادارة الآفراد والعلاقات الانسانية، بلا ناشر، ٢٠٠١.
- الهيتي، خالد عبد الرحمان :إدارة الموارد البشرية ، الطبعة الثانية ، دار وائل للنشر، عمان، ٢٠٠٥.

- **سەرچاوەی ئینگلیزی:**

- Harahsheh, F. (2019). The effects of time management strategies on employee’s performance efficiency: Evidence from Jordanian firms. *Management Science Letters*, *9*(10), 1669-1674.

– Zafarullah, S., & Pertti, V. (2017). Effect of time management on the job satisfaction and motivation of teacher educators: A narrative analysis. *International Journal of Higher Education*, (2) , 213-224.

**الملخص**

إن أوضح التغييرات المطلوبة في المؤسسات هي ضبط الوقت. يتفق الجميع الآن على أن الوقت يعني رأس المال ، لأن ضياع الوقت يعني خسارة أحد الأصول المهمة للمؤسسات ، لذلك يجب علينا الاستفادة بشكل كامل وحكيم من الوقت وفي المستقبل ، يجب تطوير الفكرة بشكل أكثر فعالية. الهدف من هذه الدراسة هو معرفة عواقب الموقف تجاه إدارة الوقت وأداء الموظفين ، وكذلك محاولة القضاء على التصور بأن إدارة الوقت صعبة في الممارسة ، ومن ناحية أخرى لمعرفة أهمية الوقت. تم استخدام الطريقة الكمية لجمع البيانات والمعلومات المتعلقة بالبحث وهي استمارة استبيان تم إرسالها إلى بعض منسوبي الجامعات الخاصة في أربيل. تظهر النتائج أن جميع الأبعاد الأربعة لإدارة الوقت لها علاقة إحصائية وتأثير على الأداء الوظيفي.

**الكلمات المفتاحية:** إدارة الوقت ، الأداء الوظيفي ، الجامعات الخاصة ، أربيل.

**Abstract**

The most obvious changes needed in institutions are time control. Now everyone agrees that time means capital, because loss of time means loss of an important asset of institutions, so we must fully and wisely take advantage of time and in the future, the idea is to be developed more effectively. The aim of this study is to find out the consequences of the attitude towards time management and performance of employees, as well as trying to eliminate the perception that time management is difficult in practice, on the other hand to know the importance of time. Quantitative method was used to collect data and information related to the research, which is a questionnaire form that was sent to some of the employees of private universities in Erbil. The results show that all four dimensions of time management have a statistical relationship and an impact on job performance.

**Keywords:** Time Management, Job Performance, Private Universities, Erbil.